هەرکەسێک بێبەش کرا بێت لە نەرم ونیانی؛ ئەوا لە خێر بێبەش کراوە

لە جەریری کوڕی عبداللەوە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک بێبەش کرا بێت لە نەرم ونیانی؛ ئەوا لە خێر بێبەش کراوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت ئەو کەسەی بێبەشکراوە لە نەرمونیانی ؛ ئەوا سەرکەوتوویی پێنەبەخشراوە لە بابەتەکانی ئاین ودونیادا لەو شتانەی لە ژێر ڕکێفی خۆیدایە بۆ خۆی، ولەو شتانەیشی لەژێر ڕکێفی ئەودایە لەگەڵ خەڵکی، ئەوەی بەم شێوەیە بێت ئەوا لە هەموو خێرێك بێبەشکراوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4939